# شیکاریی ئەنتۆلۆژییانەی نێوان زمان و شوناس

د.لەهۆن قادر عبدالرحمان-ژ.ت

Lhon123m@gmail.com

و.پەروەردە-ب.گ.پ سلێمانی-ڕۆژئاوا،ئامادەیی ڕوشدەی عەلی شەریف

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/١ بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٤/١٠

**پوختە**

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین، پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان شوناس و زمان لە دیدێکی ئەنتۆلۆژییانەوە بخەینەڕوو، بەجۆرێک بنکۆڵی سروشتی ئەم چەمکانە و چۆنییەتی کارلێک و کاریگەرییان لەسەر یەکدی دەکەین. میتۆدی توێژینەوەکەمان لە چوارچێوەی وەسپی شیکاریی ئەنتۆلۆژییانەدایە، تیۆرییا و وەسپی چەمکەکان و شیکاریی دەق و چەمکەکان و توێژینەوە لە چۆنییەتی و سروشتی بوونییان و کەوتنەوەیان لە واقیعدا لەخۆدەگرێت.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات، دیدێکی قووڵ(ئەنتۆلۆژی) بۆ پەیوەندی نێوان زمان و شوناس بخاتەڕوو و ڕوونی بکاتەوە کە چۆن زمان ڕۆڵی هەیە لە پێکەوەنانی شوناس و بونیادی واقیعی کۆمەڵایەتی.

وشەکلیلییەکان: ئەنتۆلۆژیا، شوناس، زمان، بوون، هەبوون.

**پێشەکی**

لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردووەوە، چەشنێک لە ڕێکخستن دەبێتە مۆدێلی بەڕێوەبردنی سیاسی ئەم ناوچەیە کە بە (دەوڵەت نەتەوە) دەناسرێت و یەک نەتەوە، یەک زمان و یەک کلتور و بە گشتی خۆناساندن لەسەر بنەمای گەورەترین گروپ، دەکاتە بنەمای کار و مۆتیڤی پێشکەوتن و هەستانەوە. پێچەوانەی گشت ئایدیا تیۆرییەکانی پێکەوە ژیان، ژێربارهێنان و تەنانەت سڕینەوەی شوناسی ئەوی دی، بووە نەخشەڕێگای ئەوی دیکەی باڵادەست کە بە ناوی شوناسی میللییەوە، شوناسی نەتەوەی کردە قوربانی و دواتر شوناسی خۆی وەک مۆرکی شوناسی گشتی و میللی و هەر جۆرە وەدەنگهاتنێکی ئەوی دیکەی بە گێرەشێوێنی ناوزەدکرد!؛ یاخود بە دەربڕینێکی ساناتر، بەردەوام گروپ و نەتەوەیەک بەها و بیروباوەڕ و دید و خواستەکانی خۆی دەکاتە پێوەری حوکم و بڕیاردان بەسەر ئەوانی دیکەدا، بەشێوەیەکی کارەکی تا هەنووکەش دەوڵەتدارییی، بریتییە لە سڕینەوەی ڕۆڵ و تایبەتمەندی، ڕاستتر بڵێین، شوناسی ئەوی دی!.

ئەمە وەک واقیعی سەد ساڵە کە وێڕای ئەوەی سەپێنراوە بە یاساگەلی نێودەوڵەتی، هەلومەرجی جیهانگیریی و جەختکردنەوە لە شوناسی تاک و تاکگەرایی و چەمکی هاونیشتیمانیبوون و زۆری دیکەش، ئەگەر کاڵیان نەکردبێتەوە ئەوا ئاڵۆزییەکیان بۆ چەمکی شوناس لەسەر بنەمای زمان و نەتەوە دروستکردووە، ئەوە هەر لێ گەڕێ لەوەی کوردزمانەکانی سەر ئەم گێتییە لە

بەرامبەر کێبڕکێ و بەریەککەوتنە توند و خێرا و فرەچەشنەکاندا، ڕۆڵی خۆسەلماندنیان وەک پێویست نەبووە، بەجۆرێک تا ئاستی مانەوە خۆئاگاییەکیان بۆ شوناسیان هەیە، بەڵام کاراکردنی ئاوەز و خۆدانەبەر پرسیار و توێکارییەکانی، مەرجی هەڵکشانە لە پەراوێزییەوە بۆ چەقی ململانێکان، کە بەداخەوە ئامادەیی نییە.

ئەم توێژینەوەیە، دیدێکی ئەنتۆلۆژییانەیە بۆ زمان و شوناس و پەیوەندی نێوانیان، هەوڵێکە تا قووڵتر لە شوناس و گرنگی زمان پەیوەست بە شوناسمان بگەین، بۆیە شیکاریی بۆ شوناس، زمان و چەمکگەلێکی دیکەی پەیوەست پێیانەوە دەکەین و هەوڵ دەدەین گرنگترین ڕایەڵەکانی نێوانیشیان دەستنیشان بکەین. ئامانجی بنەڕەتی لە هێنانە پێشەوەی بابەتی زمان و شوناس و پەیوەندییان بۆ ئاستی دیدی فەلسەفی-ئەنتۆلۆژییانە، تەنیا هەنگاوێکی تیۆریی گجکەیە لە پێناو بونیادنانی شوناسێکی هاوچەرخی نوێخواز بۆ ئایندە، کە لەسەر بنەمای تێگەشتنێکی قووڵ و ورد بۆ پەیوەندی تاک یان قەوارەیەکی وەک نەتەوە، بە دەورووبەرییەوە هەڵچنرابێت.

**ئەنتۆلۆژیا**

لەو ڕووەوە بەرچاو روونیین کە ئەنتۆلۆژیا، بەشێکی سەرەکی فەلسەفەیە و لە زمانی کوردیدا بە بوونناسیی گوزارشتی لێکراوە، بەڵام ئەوەی زۆرترین مشتومڕی فەلسەفی بەدوای خۆیدا هێناوە، چەمک و وشەی (بوون) و لێوەرگیراوەکانییەتی کە لە ڕووی تێگەیشتن و دەربڕین و بەکارهێنانی لە بەستێنی جیادا، ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر ئەرک و مەودا و چۆنییەتی پێناسەکردنی.

ئەرستۆ، میتافیزیکای بەم جۆرە پێناسە دەکرد: ((زانستێکە کە لە بوون، لەو ڕوانگەوە کە بوونە و حاڵەتگەلێکی بوون کە بە سروشتی خۆیەوە پەیوەستە، دەکۆڵێتەوە)) .( ژیلسۆن،١٣٨٩:٣٥).

دواتر بۆ ئەوەی ڕێگری لە ئاوێتەبوونی میتافیزیکا و بەشی دیکەی مەعریفەیەکی مرۆیی بکات، زۆر بە وردی بەردەوام دەبێت کە : ((بەڵام ئەم زانستە لە چەشنی هیچکام لەو زانستانە نییە کە بە زانستی تایبەت ناوزەد دەکرێن، چونکە هیچکام لەم زانستانەی تر، بە شێوەیەکی گشتی لەبارەی بوونەوە لەو ڕوانگەوە کە بوونە نادوێن. ئەوانە بەشێک لە بوون جیا دەکەنەوە و خەسڵەتەکانی بنکۆڵ دەکەن)). ( ژیلسۆن،١٣٨٩:٣٥)، بۆ نموونە زانستی بیرکاری، زانستە سروشتییەکان و زیندەناسیی، هەر کامیان بگریت، بڕ، جوڵە و ژیان دەکاتە بابەتی لێکۆڵینەوە؛ بە واتایەکی دیکە لەبارەی ڕەهەندگەلێکی دیاریکراو لە بوون دەدوێت کە هیچکامیان بوون، لەو ڕوانگەوە کە بوونە، نییە، بەڵکو تەنیا بوونە لەو ڕووەوە کە ژیان، جوڵە یان چەندییەتییە.

ژیلسۆن، لەو کتێبەیدا کە کردوومانەتە سەرچاوەی چەند دێڕی پێشوو، لەسەرەخۆ و بە زنجیرەهێنانی ئارگومێنت، دەستمان دەگرێ و چەندین دەروومان بۆ دەخاتە سەرپشت لە پێناو تێگەشتن و گەیشتن بە ئەنجامێک، ئێمە لێرەدا هێندەی هێڵی سەرەکی بابەتەکە و مەودای ئەم نووسینە پێی قووت بچێت، سەربوردێکی خێرای دەکەین.

نووسەر ئاماژە بەوە دەکات : ئەرستۆ بەم تێبینییانەی، میتافیزیقای وەک ماریفەیەکی جیاواز کە بە بابەتگەلی جیا دیاری دەکرێ، هێنایە پێشەوە، هەروەها پێمان دەڵێت : جیاکردنەوەی بەشێک لە بوون و لێکۆڵینەوە لە سیفاتەکانی ئەو بەشە، ناچارکردنێکی تەواو ڕەوایە و لە واقیعدا سەرقاڵبوونە بە یەکێک لە زانستە پۆزەفیست-ئەزموونگەراکانەوە، بەڵام لێکۆڵینەوە لە هەربەشێکی

وێناکراو لە بوون، بە سیفات و ئەحواڵی خودی بوون خۆی و لێکۆڵینەوە لە سیفاتە گشتییەکان لە دیدی هەر بەشێکەوە، دژیەکییەک لەگەڵ خوێدا هەڵدەگرێ و سەر لە شکستەوە دەردێنێ، کاتێکیش شکست دێنێ، خۆی یا ئەوانەی دوای ئەو، شکستەکە دەخەنە ئەستۆی میتافیزیقا و بەو دەرئەنجامە دەگەن کە میتافیزیقا شێوە زانست(Pseudo-science)ە و خۆی بە کێشە گەلێکەوە سەرگەرمکردووە کە ڕووناکی ئەقڵی مرۆڤ پەیبیان پێ نابات. گەر ناونیشانێک بە دیاریکراوی بۆ ئەم شێوە ناسراوەی بێ هیوابوونی میتافیزیقا هەبێت، ئەوە گومان- Skepticism ە . گومان دەردێکی فەلسەفییە، دیدی ئەخلاقگەرایی و عیرفانمەشرەبی تا ڕادەیەک تەسکینی دەدات، بەڵام هیچ دەرمانێکی نییە جگە لە گەڕانەوە بۆ زانستی (موجود بما هو موجود- هەیە بەوەی کە هەیە) واتە میتافیزیقا.

لێرەوەیە مادام (بوون) یەکەمین بنەمای ناسینی مرۆڤە، کەواتە یەکەمین بنەمای میتافیزیقایشە، هەر بۆیە پێویست بوو یەکەمین مەسەلەش بێت کە زەینی مرۆڤ پەی پێ بەرێت، بەڵام لە بەرامبەر ئەو واقیعە چی بڵێین کە زۆرێک لە فەیلەسوفەکان توانای لەخۆگرتنیان بۆی نەبووە؟، لەمەش زیاتر، چلۆن دەبێت بابەتی-بوون لە ئاسایترین زەینەکاندا ئامادەیی بەردەوامی هەبێت، لە هەمان کاتدا هێندە فریودەر بنوێنێ کە زۆر لە فەیلەسوفە مەزنەکان لە پەی بردنیان بۆی ناکام مابنەوە؟

تەنیا ڕێگا بۆ خۆقوتارکردن لەو بێ هیوابییە، هێنانە پێشەوەی ئەو گریمانەیە کە ئەم هەڵانە لە سروشتی زەینیی مرۆڤەوە سەرچاوەی نەگرتووە و ڕەنگە تا ڕادەیەک خودی (بوون) هۆکاری ئاریشەکان بێت . ڕەنگە لە سروشتی- بوون-دا شتێک هەیە کە فەیلەسوفەکان بانگهێشت دەکات تا بەو جۆرە ڕەفتار بکەن کە وەک بڵێی ترس لە (بوون) دەستپێکی حیکمەتە. لێرەوەیە کە لایەنگرانی میتافیزیقا لەبری ئەوەی- بوون – بە یەکەمین بنەمای فەلسەفەی خۆیان بزانن، بە شێوەیەکی کارەکی لەپێشەوەبوون و گشتیگیربوونی دەدەنە پاڵ هەر بەشێکی.

کاتێک دەگەینە ئەم ئاستە، لەگەڵ ئاڵۆزی چەمکی بوون ڕووبەڕوو دەبینەوە. وشەی (بوون) لە مانای یەکەمیدا "ناو"ە ، لەم شێوەیدا یا ئاماژەیە بۆ بوونێک (واتە کرۆک، سروشت و خودییەتی هەر شتێک کە هەیە)، یان ئاماژەیە بۆ خودی- بوون ، واتە سیفاتی هاوبەشی ئەو شتەی کە دەتوانیین بڵێین هەیە. لە مانای دووەمیدا، ئەم وشەیە بە مانای "کار" ی (بوون-To be)ە. بوون، لە پێگەی "کار"دا بە هیچ جۆرێک ئاماژە نادات بەو شتەی کە هەیە و تەنانەت -بوون بە مانا گشتییەکەی ناگرێتەوە، بەڵکو هەر ئاماژە بە هەمان کار دەکات کە بەو پێیە واقیعێکی (مفروض+بالفعل) "هەیە" یان بوونی هەیە. باشتر وایە ئەم کارە بە "هەبوون" ناوزەد بکەین تا جیاوازبێت لەوەی بە گشتی بە "بوون" ناوی دەهێنرێت. خێرا و بەلایەنی کەمەوە بۆ زەین وا دەردەکەوێت کە پەیوەندی "هەبوون" لەگەڵ "بوون" پەیوەندییەکی دوولایەنە نییە. "بوون" لە توانایدا هەیە وێنابکرێت، بەڵام "هەبوون" وێنا ناکرێ و لە توانایدا نییە. وا دیارە ئێمە ناتوانیین "هەیە" وێنا بکەین، تەنیا لە حاڵەتێکدا کە بیدەینە پاڵ شتێک کە هەیە یان بوونی هەیە .(بروانەژیلسۆن،١٣٨٩:٣٦-٣٨).

لە ڕوونکردنەوەی ئەوەی سەرەوەدا، دەتوانیین بڵێین : وشەی (بوون) و (هەبوون) و ئەوانەی لێیان کەوتوونەتەوە، هیچ زەمانێک نییە خاڵیبێت لێیان؛ بە واتایەکی دیکە چ زەمانێک نییە کاری(بوون)ی تێدا نەبێت، ئەمە وێڕای ئەوەی هەر ئەم چەمکە بابەتی بنەڕەتی و جیدی فەیلەسوفەکان بووە. بابەتەکە لەوێوە گرنگی پەیدا دەکات، کاتێک لە وشەی (هەبوون-هەم) ڕادەمێنین و دەڵێین : من هەم، تۆ هەیت، ئەو مێزە هەیە، خوا هەیە، هەوا گەرمە...تەواوی ئەم بوونانە یانی چی؟، ئایا جیان لە من یاخود بوونم

sjh@univsul.edu.iq

مانایەکی هەیە؟. من ناوم (کارزان)ە، دەتوانم ناوەکە بەجیا لەخۆم وێنا بکەم، بەڵام ئایا دەتوانم هەبوونی خۆم وێنا بکەم بە جیا لەوەی کە هەم یا نیم؟، بێگومان وەڵامەکە نەخێرە، چونکە تا (من) نەبم واتە بوونم نەبێ ، ئەوا هەبوونیشم هیچ مانایەکی نییە، چۆن دەکرێ پەی بە بوونی خۆم بەرم بێ ئەوەی لەخۆم بگەم؟ لە ڕاستیدا بوونی من، هیچ نییە جگە لە خودی من؛ پەی بردن بە بوونی خۆم(بوونناسی خۆم) ناسینی خودی خۆمە.

لێرەوەیە ئەگەر پێناسەی ئەنتۆلۆژیا-بوونناسی(Ontology)، کە چەمکی سەرەکی و کلیلی شیکاری توێژینەوەکەمانە، بکەین: ((لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە، لە دوو بەش پێکدێت و بە مانای زانستی بوون-بوونناسی، (Logia) بوون، لەبەکارهێنانی فەیلەسوفەکانیشدا ئەو زانستەیە توێژینەوە لە سروشتی بوونی سەرەتایی یان بنەڕەتی دەکات، هەروەها ئەو زانستەیە کە لێکۆڵینەوە لە خودی بوون خۆیدا دەکات بە ئامانجی ئاماژەدان بۆ سەر هەبوویەک. وێڕای ئەمانە، ئەنتۆلۆژیا دیدێکی بابەتییانە بۆ هەقیقەتی پەیوەندی نێوان هەبووەکان دەخاتەڕوو)).(حسین،Uomustansiriyah.edu.iq).

وتمان ئەنتۆلۆژیا بەشێکە لە فەلسەفە و گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە بوون و سروشتی و پۆلێنەکانی دەدات، دەتوانیین چەمکی ئەنتۆلۆژیا لای فەیلەسوفەکان لەم چەند خاڵەدا کورتبکەینەوە:

١-لێکۆڵینەوە لە بوون: ئەو پرسیارانە لەخۆدەگرێ کە دەربارەی چییەتی بوونن، بوونت هەبێ چ مانایەکی هەیە؟، ئەو شتانە چین کە بە کارەکی هەن؟

٢-جۆری (کائنات)شتەکان: لەدووی پۆلێنی شتە جیاوازەکان دەگەڕێ،هەوڵ دەدات جۆرە جیاوازەکانی بوون دیاری بکات.

٣-پەیوندی نێوان شتەکان: گرنگی بە پەیوەندی نێوان شتە جیاوازەکان و چۆنیەتی کارلێکی نێوانیان دەدات.

٤-چەمکە بنەڕەتییەکان: ئەنتۆلۆژیا، لێکۆڵینەوە لە چەمکە بنەڕەتییەکانی وەک : بوون، جەوهەر-کرۆک، کەینونە، شوناس، کات و شوێن دەکات.

٥-واقیعی و ناواقیعی: ئەنتۆلۆژیا پرسیار لە بابەتگەلێک پەیوەست بە واقیعەوە دەکات، واتە ئایا ئەو شتانەی کە هەن، ئایا هەقیقەتێکی سەربەخۆن لە درک و پەیپێبردنی مرۆڤ یان نا.

ئەو خاڵانە و هیی دیکەش، پانتایی تێگەیشتنی فەیلەسوفەکانە بۆ وشە و چەمکی ئەنتۆلۆژیا، بەڵام وەک پێشتر ئاماژەیەکمان پێدا، ئاریشەی بنەڕەتی ئەم بەشەی فەلسەفە، وشەکانی (بوون) و (هەبوون) و وشەگەلێکی نزیکن لەبەکارهێنانیانەوە کە ئێمە بەهەڵە وادەزانیین هاوواتان. لە پەرەگرافەکانی کۆتایی بابەتی ئەنتۆلۆژیادا، بەکورتی و هێندەی کورتی ئەم توێژینەوەیە مەودامان بدات، دەگەڕێینەوە بۆ جەدەلی نێوان ئەو دوو وشەیە و ئەوانەشی لە خولگەی ئەوانن و نموونەشیان لای فەیلەسوفێک یان زیاتر، وەردەگرین کە چۆن ئەو بابەتە بووەتە بنەڕەت و دەروازەی تێگەیشتن و خوێندنەوە، کە لە هەمان کاتیشدا کلیلی تێگەیشتنی ئێمەیە پەیوەست بە شوناس و ڕۆڵی زمان لە نەخشاندنی شوناسدا.

(الوجود-وجود) بوون، چەمکێکی گشتی و (مجرد) داماڵراوە، ئاماژە بە حاڵەتێک یان دیاردەیەک دەکات کە وەسپی شتێکی پێ دەکرێت کە بوونی هەیە. لە فەلسەفەدا بەکاردەبرێت بۆ وەسپی (کینونە) ی شتێک بە شێوەیەکی گشتی، بەجۆرێک کاتێک باسی

sjh@univsul.edu.iq

(بوون) دەکەین، ئەوا ئاماژە بە چەمکێکی داماڵراو لەوە دەکەین کە شتێک لەحاڵەتی هەبووندایە، بەدەر لە چلۆنییەتی بوونی، بۆ نموونە فەیلەسوفەکان گفتوگۆ لەبارەی بوونەوە دەکەن تا بە سروشتی هەقیقەت و چییەتی شتەکان بگەن.

سەبارەت بە (الموجود-موجود) هەبوون یاخود ئەوەی هەیە، ئاماژەیە بۆ شتێکی سنووورداری دیاریکراو کە هەیە و هەڵگری سیفەتی بوونە، ئەو شتەیە کە ئەگەری هەیە بەشێوەی کارەکی لە واقیعدا هەبێت. بەکاردەبرێت بۆ شتێک یان بەش و تاکێک کە بوونی هەیە، کاتێک باس لە هەبوویەک دەکەین، ئەوە باس لە شتێکی سنووورداری دیاریکراو دەکەین، بۆ نموونە: کتێبەکە لەسەر مێزەکەیە، دارەکە لە باخچەکەیە، واتە بوونێکی سنووورداری دیاریکراو.

بە کورتی (الوجود-بوون)، چەمکێکی گشتی و داماڵراوە و ئاماژە بۆ حاڵەتێکی (کینونە) دەکات بەشێوەیەکی گشتی، لە کاتێکدا کە (الموجود-هەبوون)، ئاماژەیە بۆ شتێکی دیاریکراو کە هەڵگری سیفاتەکانی بوونە.

چەمکی ئەنتۆلۆژیا، لە مێژوو و قۆناغەکانی فەلسەفەدا، گەشەی زۆری بەخۆیەوە دیووە کە لەو چوارچێوەیەدا کۆمەڵێکی زۆر فراوان بیری لە بارەی سروشتی کەینونە و بوونەوە لەخۆگرتووە، هەر لە ئەفلاتوونەوە بۆ سارتەر و هەر فەیلەسوفێک دیدێکی مەزن و نەمری بۆ ئەنتۆلۆژیا خستووەتەڕوو، لە هەمان کاتیشدا ڕەنگدانەوەی ئاڵۆزی و فرەیی و فراوانی ئەو بوارەیە و وەک سروشتی فەلسەفەش بەردەوامە لە پرسیار و بەگیرهێنانی شتەکان و بوونیان تا بەردەوام وەڵامی ئەو پرسیارە بەرهەمبهێنێ کە مانای ئەوەی من هەم، یان کەس و قەوارەیەک هەیە یاخود شتەکان لە جیهاندا هەن، چییە.

ئەفلاتوون یەکێکە لە فەیلەسوفە پێشینەکان کە بە شێوەیەکی فراوان باسی لە ئەنتۆلۆژیا کردووە. لە کارەکانیدا ((لە نموونەی (کۆمار) و (فیدیۆن-فایدۆن) تیۆری جیهانی ئایدیاڵی خستووەتە ڕوو. جیهانی هەقیقی، جیهانی دیاردە هەستییەکانە، لە کاتێکدا جیهانی ئایدیاڵ، جیهانی شکڵ-فۆرم و ئایدیاکانە. فۆرم-شکڵ، هەقیقەتی شتەکانە کە نموونەی کرۆکی هەقیقییە بۆ کائنات-شتەکان و چەسپا و سەرمەدییە، لە کاتێکدا کە جیهانی هەستەکان یان هەستپێکراوەکان تەنیا ڕەنگدانەوەیەکی ناکامڵانەی شتەکانن)). (ئەفلاتون: ١٩٩٤،٨١-٨٣).

ئەرەستۆی خوێندکاریشی(ئەگەرچی دەستپێکی ئەم نووسینەمان دیدی ئەو بوو)، بەکورتی دیدێکی جیاوازی لە کارەکانیدا، لە نموونەی میتافیزیقا بۆ بابەتی ئەنتۆلۆژیا پێشکەشکردووە، ((جیهانی ئایدیاڵی ڕەتکردەوە و لەبری ئەوە جەختی توێژینەوەی لە شتەکان دەکردەوە لە جیهانی واقیعدا. چەمکی کرۆک-جەوهەر(ousia) خستەڕوو)). (نوذری:١٣٨٨ش،٢١٧)، مەبەستی ئەو قەوارە بنەڕەتییەیە کە وا لە شتەکان دەکات ئەوەبێت کە لەسەریەتی و هەیە. لای ئەرەستۆ هەموو قەوارەیەک شکڵ و ماددەی هەیە و ئەنتۆلۆژیاش لێکۆڵینەوەیە لە لایەنە سەرەکییەکانی ئەو بوونە.

سەبارەت بە فەیلەسوفی فەرەنسی، دیکارت، چەمکی ئەنتۆلۆژیای لە چوارچێوەی فەلسەفە ئەقڵانییەکەیدا خستووەتەڕوو، لە کتێبەکەیدا(تێرامان لە فەلسەفەی یەکەم)، تیۆری کۆجیتۆی پێشکەشکرد "من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم" ((لە دیدی دیکارتەوە بوون پشتبەستووە بە بیرکردنەوە و جیاوازیکردووە لە نێوان کرۆکی ئەقڵ (کە ئەقڵ جیادەکاتەوە) لەگەڵ کرۆکی ماددە (کە جەستە جیا دەکاتەوە)، کە سەرئەنجام بە دووانەی دیکارتی لە نێوان ئەقڵ و جەستەدا ناسراوە)). (نوذری:١٣٨٨ش،٣٤٥).

sjh@univsul.edu.iq

فەیلەسوفی ئەڵمانی، هایدگەر، لەڕێی کتێبی(بوون و کات)ەوە، بەشدارییەکی گرنگی هەیە لە دەوڵەمەندکردنی ئەنتۆلۆژیادا، هایدگەر جەختی لەسەر چەمکی (Dasein-دازاین) بە مانای (بوون لێرە) یاخود (بوون لە جیهان) دەکردەوە. تێڕوانینی وابوو کە ئەنتۆلۆژیا لێکۆڵینەوەیە لە بوون، وەک ئەوەی لە ئەزموونی ڕۆژانەی مرۆڤەکاندا دەردەکەوێت، هەوڵیدا بۆ تێگەیشتن لە بوون نەک وەک چەمکێکی داماڵراو-مجرد، بەڵکو وەک واقیعێک کە لەلایەن مرۆڤەکانەوە ئەزموندەکرێ.

(( لە فەلسەفەی مارتن هایدگەردا، وشە و چەمکەکان بە زۆری مانایەکی تایبەت و قووڵیان هەیە، وشەی(Seiendes)، کە هایدگەر لە ڕوونکردنەوەکانی خۆیدا سوودی لێ وەردەگرێ، یەکێکە لە گرنگترین وشەکانی نێو کتێبی(بوون و کات). ناوی (dasSeiende) لەکاری (seiend) وەرگیراوە و بە واتای(ئەوەی کە هەیە) دێت،(ein Seiendes) بە مانای (شتێک کە هەیە)یە. زۆر وشە بۆ مانای (Seiendes) لە کاتی وەرگێڕاندا بەناوی(being) یان (beings) کە پتر بۆ کۆ بەکاردێت،هەیە، بەڵام وێڕای ئەمە، وەرگێڕی ئەم کتێبە بۆ ئینگلیزی وشەی (entity) یا (entities) بەکارهێناوە کە پێی وایە ڕوونترە، ئەمەش بە مانای (هەبوون-موجود) یا "ئەوەی کە هەیە" یاخود "ئەوەی کە بوونی هەیە" بەکارهێنراوە.

لە زمانی ئەڵمانیدا، (das Seiende) و (ein Seiendes) هەردوو وشەکە بە مانای "هەبوون" یاخود"ئەوەی کە هەیە" دێت، بەڵام بە جیاوازی لە چۆنییەتی بەکارهێناندا:

١-das Seiende : ئەم دەربڕینە بەمانای "ئەوەی کە هەیە" بەکار دەبرێت، (das) لێرەدا دەربڕینێکە بۆ دیاریکردنە و ئاماژەیە بۆ شتێکی تایبەت، کەواتە کاتێک (das Seiende) بەکار دەبرێت، مەبەست لە هەبوویەکی تایبەت و دیاریکراوە.

٢-ein Seiendes : ئەمەش هەر بەمانەی "هەبوون" یان " شتێک کە هەیە دێت، بەڵام (ein) بۆ نادیارە، کەواتە کاتێک ( ein Seiendes) بەکاردەهێنین، مەبەست لە هەبوویەکی نادیار و نەناسراوە. کەواتە بە کورتی یەکەمیان ئاماژەیە بۆ هەبوویەکی تایبەت و دووەمیان بۆ هەبوویەک بە شێوەی گشتی.

وشەی(هەبوون-Das Seinde) لە فەلسەفەی هایدگەردا، ئاماژە بە هەر شتێک دەکات کە هەیە یان بە ڕوونی بوونی هەیە؛ بە واتایەکی تر هەر شتێک کە بە جۆرێک هەیە، ئیتر ئەم بوونە مێزێک بێت،ئایدیا، یا مرۆڤێک بێت، یان ڕووداو و هەرشتێکی دیکە بێت. "هەبوون" دەکەوێتە بەرامبەر "بوون" (بە ئەڵمانی-Das Sein). ئەمە لە کاتێکدا هەبوون ئاماژەیە بۆ ئەو شتانەی کە هەن، لە کاتێکدا "بوون" بۆ خودی تایبەتمەندییەکە یان حاڵەتی بوونەکە ئاماژە دەکات. هایدگەر هەمیشە جەختدەکاتەوە کە دەبێ هەردوو چەمکی بوون و هەبوون لە یەکتری جیا بکرێنەوە و تێکەڵ نەکرێن، پێی وایە فەلسەفەکانی پێشتر ئەم دوو چەمکەیان تێکەڵکردووە و هەڵەی فەلسەفی لێ کەوتووەتەوە. لە کتێبی (بوون و کات) دا هایدگەر هەوڵدەدات لە چییەتی بوون بکۆڵێتەوە، بۆ ئەم کارەش لەڕێی شیکاریی"هەبووی مرۆڤ"ییەوە کە ئەو بە "دازاین"ناوی دەبات، لێی دەچێتە پێشێ)).(بیات، okbayat.com).

ئەگەر هەموو ئەمانە، لە نموونەیەکدا و بۆ ڕوونکردنەوە، پەیوەست بە شوناسی کورد و کوردبوون، وەک "بوون" و "هەبوون"ێک بخەینەڕوو، ئەوا بەکورتی دەڵێین:

sjh@univsul.edu.iq

١-هەبوون (das Seiende) بە ئینگلیزی (Entity)، لەم ئاستەدا کوردێک وەربگری، واتە مرۆڤێکی کورد بە نموونە وەربگری، هەبوویەکە و قەوارەیەکە، دەتوانیت ببینی و هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەیت.

٢-بوون (Das Sein) بە ئینگلیزی (Being)، بەڵام کاتێ ئێمە لێرەدا باسی "بوون"، یاخود بوونی کورد دەکەین، ئیتر ئەوە لە ڕاستیدا ئاماژە بە "بوون" دەکەین، ئیتر ئێمە لە بنکۆڵ و لێکۆڵینەوەی ئەوەداین چۆن ئەم کوردە بوونی هەیە، یان بوونی کورد و کوردبوون چییە، واتە لە خودی تایبەتمەندییەکانی کوردبوون دەڕوانیین، نەک شتێکی فیزیکی، بە واتایەکی دیکە دەمانەوێت بزانیین کوردبوون چ مانایەکی هەیە، نەک ئەو کەسە کوردە.

هەر لەم نموونەیەوە دەچینە قۆناغی دووەمی توێژینەوەکەمان، کە باسی شوناسە لەڕووی ئەنتولۆژییەوە.

**شوناس**

لەو ڕوانگەوە کە ئامانجی ئەم نووسینە باسی زمانە لە جوغزی شوناسدا و بێگومان لە دیدێکی ئەنتولۆژییەوە، لۆژیکی نووسینەکەمان ئەوە دەخوازێت باس لە چەمکی شوناس بکەین بە گشتی و شوناسی نەتەوە بە تایبەتی و ئینجا بێینە سەر بابەتی ڕۆڵی زمان.

ئەنتولۆژیای شوناس، چەمکێکی فەلسەفییە، لێکۆڵینەوە لە سروشتی شوناس و چییەتی خود دەکات. ئەم چەمکە میحوەرێکی سەرەکی نێو فەلسەفەیە و بابەتەکانی پەیوەست بە خود و بەردەوامی و گۆڕان لەخۆدەگرێ و پرسیار گەلێکی لە چەشنی: ئەو خودەی بە تێپەڕبوونی کات دەمێنێتەوە کامەیە؟، فاکتەرەکانی هێشتنەوەی شوناس و گۆڕانی کامانەن؟

شوناس، کۆمەڵێ سیفات و تایبەتمەندییە وا لە شتێک دەکات جیاواز و بێ هاوتا بێت. دەگونجێ شوناس پەیوەستبێت بە تاک وەک قەوارەیەکی جیاواز، یان گروپ و کۆمەڵگەلێک. شوناس زۆر لایەن دەگرێتەوە لەوانە: شوناسی کەسیی، کۆمەڵ وەک نەتەوە، ڕۆشنبیری و کلتوریی و هتد.

شوناسی کەسیی، پەیوەستە بە تێگەیشتنی تاک بۆ خودی خۆی و ئەو باوەڕەی کە هەیەتی لەبارەی خۆیەوە کە ئەو کێیە. شوناسی کەسیی، فاکتەرە دەروونی، سۆزداریی و مەعریفییەکان لەخۆدەگرێ، کە وێنای کەس بۆ خودی خۆی پێکدەهێنێ. ئەم شوناسە لەژێر کاریگەری زۆر شتدایە، لەوانە؛ ئەزموونی ژیان، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، کلتوور.

شوناسی بە کۆمەڵ یاخود کۆمەڵایەتیش، پەیوەندی بە چۆنییەتی خۆناسینی تاکەکانەوە هەیە لە بەستێنی کۆمەڵ و گروپە جیاوازەکاندا. شوناسی بە کۆمەڵ، ئینتیما-سەربە نەتەوەیەک، ئایین، نیشتمان و ڕەگەزێک لەخۆدەگرێ. ئەم شوناسە لە ڕێی کارلێک لەگەڵ ئەوانی دیکەی ناو کۆمەڵەکە و سەربەوەبوون، پێکدێت.

شوناسی ڕۆشنبیریش، پەیوەستە بە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی کلتوور و ڕۆشنبیریمانەوە، بۆمان دیاری دەکات کە ئێمە کێین و چۆن دەڕوانینە جیهانی دەورووبەرمان. شوناسی کلتووری : ڕۆشنبیری و زمان، داب و نەریت و بیروباوەڕ لەخۆدەگرێت.

ئەوە چەشنەی شوناس کە لێرەدا ئێمە تیشکۆی دەخەینە سەر، شوناسی نەتەوە یاخود نەتەوەییە، کەوا دەزانیین بۆ نەتەوەی کورد ئەمە لە پێشترینە. پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە، بۆ ئێمە لە پاڵ شێوەکانی دیکەی شوناسدا، بۆچی کوردبوون، لەپێشترین و

sjh@univsul.edu.iq

گرنگترینە؟. لە وەڵامدا هەر جۆرێک لەو شوناسانە پتر کەوتە بەردەم هەڕەشەی لەناوبردن، ئەوا پتر هێنانەوە و خۆدەمەزەردکردنەوە لەو بوارەدا و بێگومان بە پرسیاری فەلسەفی و ئەنتۆلۆژیانە لە بارەی چییەتی بوونی ئەو شوناسەوە دەبێتە ئەرکێکی لەپێشینە. بۆ منی کورد، زمانی نەتەوەکەم کە شوناسی منە و ناوچەکەشی کە تێیدا دەژیم مۆدێلی بەڕێوەبردن و قەوارە سیاسییەکانی لەسەر بنەمای نەتەوەیە، دەتوانیین بڵێین: شوناسی دەوڵەت لەسەر بنەمای ئەوە نییە ئێمە چین، بەڵکو چی نیین!، ئەوەی لەسەر زەمینی واقیعیش دەبینریٚ، ئەوەیە کە مێنتاڵیتی نەتەوەی سەردەست، بوون و بەهێزی خۆی لە نەبوون یاخود پاشکۆبوونی مندا دەبینیٚ، بەجۆرێک، هەرجۆرە گەشەو بەهێزییەکی زمان و کلتوور و ئامانجی سیاسی ئەو بەسەر منیشدا دەسەپێنریٚ و ئەزبەرکردنی دید و هەڵوێست و جیهانبینیشم دەبێت ببێتە کۆپی ئەو و دیدی نەتەوەی باڵادەست دەبێتە ناوەندی بڕیاردان و جیهانبینی، واتە منێک بوونی نییە جگە لە کۆپیکردنی ئەو، ئەمەش گوایە ئامانجی باڵای نیشتیمانیمان دەیخوازیٚ، ئەگەر گێرەشێوێنی نەکەین و بمانەوێت پێکەوە بە ئاشتی بژین!.

وادەبینم ئەم چەند دێرە، وەک ئارگومێنتێک، وەڵامدەرەوەی ئەو هەڵوێستەیە کە بۆچی جەختکردنەوە لە شوناسی زمان و نەتەوە لە پێشترینە و کاری ئەم نووسینەش خستنەڕووی دیدی ئەنتۆلۆژیانەیە بۆ شوناسی زمان و نەتەوە.

د.فتحي التريكي، لەشیکاریدا بۆ چەمکی "شوناس"، دەڵێت: مالومە کە دەربڕین و وشەی شوناس، واتە هاوشێوە(المماثل)یی و دژ دێتەوە لەگەڵ ئەوەی جیاواز و فرەجۆرە، بەمەش لە ڕووی ئەبستمۆلۆژییەوە بە بوونی ئەوی دیکە-غەیری خۆم، بڕیاری لەبارەوە دەدریٚ. (الغيرية) غەیرە، مەبەست لێی بوونی خودی خۆمە بە بوونی غەیری خۆم؛ بە واتایەکی دیکە: من منم، ئەم منە نابم تا ئەوی غەیریش وەک من ببیٚ، لە لایەکی دیکەوە: من، من منم و ئەویش غەیری غەیرمە، بە ئیعتیباری ئەوەی ئەوی دی ئیعتیباری غەیرەم بۆ دەکات. کەواتە هەبوونی غەیرە، کۆتایی ئەو پەیوەندییە ئاڵۆسکاوەی نێوان من و غەیرە، بەمجۆرە ملدان بۆ حوکمی بوونی غەیرە،مەرجی ئەگەری وێناکردن و مەرجی ئیمکانی بوونە. لە ڕووی فەلسەفییەوە بیرکردنەوە لە شوناس لە ئارادا نابێت ئەگەر دوو دەربڕینی یەکسان و هاوسەنگ و لە یەک کاتدا لە دوو پێگە و جەمسەری جیاواز دانەنرێن کە وەک یەک کاریگەریان هەبێت، ئەگەرنا هەموو بیرکردنەوەیەک دەبێتە دووبارە و دووپاتکردنەوەیەکی بێزارکەر و وەک یەکی وەک یەک، بە دەربڕینی ڤۆڵتێر، دەکەوینە بەردەم وەک یەکییەکی ڕەها.

دواتر دەڵێت: بە نموونە ئەفلاتوون، کە بەرگریکەری یەکەمە لە یەکبوونی یەکەم و بنەڕەتی شتەکان یا قەوارەکان، پەیوەست بە غەیر-ئەوی دیکەوە، بەریەککەوتنی سەختی هەبووە، ئەی بە ناچاری خۆی لەبەردەم کوشتنی(Parmenides) پارمیندس-دا نەبینییەوە، لە پێناو ئەوەی بیرکردنەوە لە اللاوجود-نەبوون و بیرکردنەوە لە غەیر و ئەوی جیاواز و فرەیی (ممکن) بێت و دواجار فەلسەفە توانای گەشەی هەبێت؟.

کەواتە "شوناس" بەمجۆرە لە زەمینەی فرەیی و جیاییدا دەبزویٚ و ئەم پەیوەستبوونەوەی فرەیی و شوناس، لە کاری ناساندنیدا، دەخوازێت و پێویستە جەختی لیٚ بکەینەوە و پیٚ داگری لەسەر بکەین.

هەمان لێکۆڵەر پێی وایە، پێویستە بابەتی شوناس لە چوار قۆناغدا بخرێتەڕوو :

sjh@univsul.edu.iq

١-ئەنتۆلۆژی: لە ئاستی ئەنتۆلۆژیدا، بریتییە لە یەکبوونی ڕەهای قەوارەیەک لەگەڵ خۆیدا، ئەمەش لەڕووی لۆژیک و میتافیزیقاوە بە مانای مەحاڵبوونی لێکجیاکردنەوە دێت لە نێوان وجود-بوون و الماهیة-کرۆکدا. شوناسیش نموونەیەکە بۆ قووڵیی یەکبوونی قەوارەیەک، لە پشت دیاردەگەلێکی گۆڕاو و هاوشێوە بە خۆی، چەسپاو لەخۆیدا و لە دەوریشیدا گشت ناکۆکی و گشت بەردەوامییەکی خود نامێنێت.

٢-مێژووییبوونی شوناس: بێگومان پێویستە جەخت لە یەکبوونی بوون-ی بنەڕەتی و وەزیفی بکەینەوە، بەڵام پێویستیشە ئەو زەمینەیە بخەینەڕوو کە ئەم یەکبوونە تێیدا دەبێت، واتە مێژوو، کە لەوێدا شوناس دەتوانێ بوونی بەردەوامبێ.

پاول ڕیکۆر(Paul Ricoeur) پەیوەست بەم بابەتە، لە کتێبی (کات و گێرانەوە) دا، باس لە چەمکی "مێژووییانەبوون" دەکات و بەکورتی پێی وایە : ئەم مێژووە کە لێکۆڵینەوە لە ڕابردوو و ئێستا دەکات، خاڵی بنەڕەتی ئایندەیە، ئاینده بە مانای کرانەوەی مێژوو بەڕووی ئەوەی دێت و ئاینده. پێی وایە شوناس لەسەر ئاستی مێژووییانەبوون لە سێ میحوەر پێکدێ: بەکۆڵەوەبوونی "بوون" لە نێوان ژیان و مردن، سەقامگیری بەخود، گۆڕانکاریخوڵقێنەرە(التحولية). یەکەمیان، واتە شوناس کۆتکراوی ڕابردوو نییە و دوو پایەی هەیە: (سەرچاوەی سەرهەڵدان) و (ئەو شوێنەی پێی دەگات).

پایەی ڕابردوو گرنگە، بەڵام پێویستە فیکر و هۆشیاری لەتەک بێ، چونکە "خود" فیکرە، ئەگەرنا لەڕابردوو هێز و هەژموونێک دروست دەکەین لە چەشنی دەسەڵات و هەژموونی ئەفسانە کە بیرناکاتەوە و دەسەڵاتی دەبێت بەسەر بوونماندا و پێویستە لە خۆمانی دارنیین، چونکە شوناس بونیادنان و خەباتێکی بەردەوامە. هەر لەم بارەوە و لە کۆتایی کتێبی "جەدەلی نێوان سەروەر و کۆیلە" دا (هیگڵ) دەڵێ : خود، بەهۆی و لە نێوململانێکاندا شوناسی خۆی وەچنگدێنێ و مرۆڤە ئازادەکان شوناسی خۆیان وەدەس دەهێنن، چونکە لەتوانایاندا هەیە ژیانێکی شکۆمەندانە بونیادبنێن لە کاتێکدا کە ڕووبەڕووی مەرگ دەبنەوە.

هەربۆیە شوناس ناکرێ مێژوویی بێت یاخود ڕاستتر بڵێین یادکردنەوەی ڕابردووبێت و تەنیا ڕیشەی لەڕابردوودا داچەقیبێ و مێژوویەک بێ کە بەسەر چووە.

سەبارەت بە میحوەری دووەمی پاول ڕیکۆر"سەقامگیری بەخود"، لە بنەڕەتدا بریتییە لەوەی کە "خود" پارێزەری پێکهێنەرەکانی بێت لە بەرامبەر ئەو گۆڕانکارییانەی لە جیهان ڕوودەدەن، بەتایبەتی ئەمڕۆ و لەسەردەمی بەجیهانیبووندا، خۆ سەلماندن و سەقامگیری خود گرنگە و پێویستە،چونکە بەبێ ئەوە نەتەوە بچوک و پەراوێزەکان ڕۆدەچن. ئەمەش دژایەتی نوێگەری و زانست و تەکنەلۆژیا نییە، وەک هەندێک وێنای دەکەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە، خۆسەلماندنە لەو جیهانەدا کە بەردەوام لەکێبڕکێ و بەش بەشبووندایە، لە ڕاستیدا سەقامگیری بە خود مانای سەقامگیری نییە لە خوددا.

سەبارەت بە وێناکردنی گۆڕانکاریخوڵقێنەربوونی، لێرەدا شوناس پەیوەست دەکاتەوە بە ئایندەوە، ڕەنگە شوناس بەم مانایە تەنیا دەرگا خستنەسەرپشت نییە بۆ بە زیندووهێشتنەوە بە گێڕانەوەی حاڵەتەکان بۆ ڕابردوو بە جۆرێک لە جۆرەکان، بەڵکو دەتوانرێت بە هۆی پڕۆژەی نوێ و چاوبڕینە ئاینده پێکبهێنرێت، بەوەی کە شوناس گۆڕانکاریخوڵقێنەرە؛ بە واتەیەکی دیکە ڕووداوگەلی ڕابردوو کارایی و زیندوویی خۆیان هەیە لە پێکەوەنانی شوناسدا، بەڵام بەم سیفەتەی دوایی، شوناس دەتوانێ پێ

ناسراوە(معالم)کانی خۆی لە ڕێی پرۆژەی ئایندەسازی و گەشەی تەکنەلۆژیاوە وەگەڕبخا یان نوێبکاتەوە، بەجۆرێک ئەمڕۆ زانایان باس لە شوناسی سیبرانی دەکەن، کە شوناسی بەژمارەکراوی مرۆڤە و پەیوەندیەکانی خێراتر و کاراتر کردووە و هەنگاو بە هەنگاو جۆرێکی نوێی شوناسی بەرهەمهێناوە و شوناسی خود بەهۆی چۆنییەتی دەربڕین و گوزارشت و ئەکتەکانییەوە فۆرمی داوەتە خۆی.

پێویستە لەم بەستێنەدا بۆ مانای ورد و زانستیی گۆڕانکاریخوڵقێنەربوونی شوناس، تێبینییەکی لەبارەوە ئیزافە بکەین : ئەم وشەیە لە کایەی زانستی بایۆلۆژییەوە دێت، خۆی لە جیاوازبوونی لەگەڵ بنەڕەتەکەی و لەهەمان کاتدا لە پاراستنیشیدا دەبینێتەوە، وەک گەشە و گۆڕانی کرم بۆ پەپوولەبوون، بنەڕەتی خۆی پاراستووە و شوناسێکی نوێشی وەرگرتووە، لە کاتێکدا ئەوە گۆڕانێکی ڕەچەڵەکییە، بەڵام بێ لەناوبردنی جۆرەکەی.

٣-سایکۆلۆژیبوونی شوناس: دیدی سایکۆلۆژی بۆ شوناس، لە شوناس دەدوێ وەک دەرهاویشتەی گەشەی تاک لە ڕێ و توولەڕێی بوون وژیانیدا، چونکە هەر لە منداڵییەوە بایەخ و فۆکەس دەخاتە سەر ئەو چنراو و پێکەوەشێلراو و هەنگاوە یەک لەدوای یەکانەی کۆمەڵێ چەسپاوی مەعریفی و سۆزادری.

٤-وێناکردنی شوناس لە کایەی سیاسەتدا: هەقیقەتی ئەو هەبووەی بیر لە شوناس و جیاوازییەکانی دەکەینەوە، بێگومان ناتوانیین تەنیا لە چوارچێوەی ئەنتۆلۆژی و سایکۆلۆژی و شیکاریی بووناسیانە سنوورداری بکەین، چونکە وەک پێشتریش باسمان لێوەکردووە، پەیوەندییەکی تێکچڕژاو و ئاڵۆز لە نێوان شوناس و غەیرە، یەکبوون و فرەیی هەیە، کە ئەم پەیوەندییە بە سروشتی خۆی جۆرێک لە ڕێکخستنی فەرمی پلانبۆدارێژراوی دەوێت کە لەوسەرەوە گرەنتی ئەرکی چەمکەکانی شوناس و فرەیی بکات لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی ڕێکخراوی گشتیدا، ئەمەش توانای ئەکت و ڕۆڵگێڕانە لە فەزایەکی ئاسایی و لە زەمینەی پەیوەندییە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا، بە ئامانجی بەدەستهێنانی خواستی گشتی.(بڕوانە د.فتحي التريكي: محاضرة الهوية و علاقتها بالدمقراطية).

شوناس لە جوغزی فیکری سیاسیدا بە مانای تایبەتمەندیگەلێکی جیاکەرەوەن کە دەبنە شوناسی تاک و کۆمەڵ لە غەیری خۆیان، لەسەر بنەمای کۆمەڵێ پێوەری کلتووری، ئاینیی، زمان، نەژاد و نەتەوە، شوناس بەهەریەک لەم واتایانە ڕۆڵی کارای هەیە لە پێکەوەنانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و کاریگەری هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەکی و ناوخۆیی.

فیکری سیاسی توێژینەوە لە چۆنییەتی دروستبوونی شوناسەکان و ڕۆڵیان لە بونیادنانی دەوڵەت و کۆمەڵگە، کاریگەری لەسەر سیاسەتی گشتی، چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ فرەیی و ململانێی شوناسەکان دەکات. دەبێ ئەوەش بڵێین کە شوناس ڕەگەزێکی زیندووە لە تێگەیشتنی سیاسیمان بۆ جیهان و ئاراستەکانی کاری سیاسی بە گشتی.

بێگومان، بازنە و چوارچێوەی فرە و جیاواز هەن کە دەتوانرێت لێوەی بڕوانینە بابەتی شوناس و شوناسی نەتەوە و پەی بە چییەتی و چۆنییەتیان بەرین، لە دید و ڕەهەندەکانی ئەنتۆلۆژیا و فەلسەفە، ڕۆشنبیری، وەک باسمانکرد سیاسیش. ئەوەی لێرەدا جەختی لێ دەکەینەوە شوناسی نەتەوەیی سیاسییە لە دید و قووڵی فەلسەفی و ئەنتۆلۆژییەوە.

لەم کلاوڕۆژنەیەوە، نەتەوە وەک کۆمەڵێک و بونیادێکی پێکەوەبووی دەستەجەمعی، تێپەڕاندنی تاکە. ئەم قەوارەیە خاوەن بوونێکی سەربەخۆ و مێژووییە کە لەڕێی کلتوور، زمان و نەریتی بەکۆمەڵەوە گوزارشت لە خۆی دەکات. شوناسی نەتەوەیی بەم مانایە، ئەزموونی هاوبەشی تاکەکانی نێو کۆمەڵ پێکی دەهێنن، لەوانەش: مێژووی هاوبەش، سەرکەوتن و نسکۆکان، سەرجەم ئەو ئاستەنگانەی کە بە درێژایی مێژوو ڕووبەڕوویان بووەتەوە. ئیرنست ڕینان(Ernest Renan) لە موحازەرە بەناوبانگەکەیدا دەپرسێ کە نەتەوە چییە و لە وەڵامدا دەڵێ: (( نەتەوە، ڕاپرسییەکی ڕۆژانەیە کە تاکەکانی نێو ئەو نەتەوەیە دەیکەن و پشت دەبەستێ بە ئیرادەی هاوبەش بۆ پێکەوە ژیان و ئاڵوگۆڕی بەها و ئەزموونەکان)). لە دیدێکی وجودییەوە یان فەلسەفەی وجودییەوە(سارتەر)، شوناسی نەتەوەیی، بڕاردەیەکی وجودییە کە لەلایەن تاکەکانەوە هۆشیارانە دەیکەنە شوناسیان. شوناسی نەتەوەیی فەرزنییە وەک پێویستییەک، بەڵکو دەرئەنجامی ئیختیارکردنێکی ئازادانەیە کە گوزارشت لە ئینتیما- سەربە کۆمەڵێکی دیاریکراوبوون دەکات.

هایدگەر (Martin Heidegger) لە چوارچێوەی بیرکردنەوەیدا بۆ بوون-الوجود(Being)، دەتوانیین وا تێبگەین لە شوناسی نەتەوەیی کە ((ڕێگەیەکە بۆ بوونێکی هاوبەش (بە ئەڵمانی-Mitsein) واتە بوون لەگەڵ، بەجۆرێک تاکەکان لەڕێی ئینتیمای کۆمەڵەکەیانەوە گوزارشت لە خۆیان دەکەن)).(سامع+صوفیان:١٣٩٥ش،٢١).

دواتر پەیوەست بە شوناس و حەیاتییبوونی دەسەڵات بۆی، دەتوانیین بڵێین ((تێگەیشتنی فۆکۆیانە (Michel Foucault) بریتییە لەوەی کە " ئەگەری تێگەیشتن لە شوناسی نەتەوەیی لەڕێی دەسەڵات و مەعریفەوەیە")). (گراهام:١٣٨٢ش،٢٦). ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگریشە کە شوناسی نەتەوەیی پەیوەندی تەنگاوتەنگی، بەڵکو پەیوەستە بە دەوڵەتی نەتەوەییەوە کە دەوڵەت لە ڕێی سیاسەتە پەروەردەیی و کلتوورییەکانییەوە هەوڵی بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی دەدات، هەروەک چۆن شوناسی نەتەوەیی دەتوانێ فاکتەری یەکیەتی نێوان تاکەکان و بەهێزکردنی سەقامگیری سیاسی بێت. بێگومان ئەمڕۆ ئێمەی نەتەوەی کورد بێ بەشکراوین لەو مافە تا ئەرکە نەتەوەییەکەمانی پێ جێبەجێ بکەین(ئەگەرچی لەئەزموونەکانی ڕابردوومان‌دا تا ئەمەی ئێستاشمان کەمتر وەک هەڵێک سوودمان لێ بینیووە بۆ ئەرکی بەهێزکردنی شوناسمان لە هەموو بوارەکاندا و بەداخەوە)، و تەنانەت هەوڵدراوە سیما و ئاسەوارەکانی دیکەی بوونیشمان بسڕێنرێتەوە، بەڵام بوونی نەتەوەیەکی وەک کورد پێش هەر جۆرە بوونێکی تر، وەک ئەوەی بینیدیکت ئەندرسۆن(Benedict Anderson) ناوی دەنێت، بوونێکی (Imagined Communities) کۆمەڵگە خەیاڵکراوکان یان وێناکراوکانە، واتە پێش هەمووشتی لە زەیندا و لە ناخەکاندا بوونی هەیە، ئەو پێی وایە "نەتەوەکان، کۆمەڵێکن لە مێشکی تاکەکانیدا وێنا دەکرێن. شوناسی نەتەوەیی، ئەگەر بوونی ماددی و نەژادیشی نەبێ، ئەوا بەرهەمی گێرانەوەگەلێکی مێژوویی و کلتوورییە کە لە مێشکی دەستەجەمعیدا پێکدێ.

پێشتریش باسمانکرد کە شوناسی نەتەوەیی فرە ڕەهەندە، یەکێک لەوانە کلتوور و ڕۆشنبیری هاوبەشە، کە ڕۆڵێکی جەوهەریانەی هەیە، وەک : زمان، ئەدەب و هونەر بەگشتی، نەریت و یادە نەتەوەییەکان، هەموو ئەمانە ڕۆڵیان هەیە لە بونیادنانی هەستی نەتەوەییدا، ئێمە لێرە بەدواوە و لە کۆتا پاری ئەم توێژنەوەیەدا، تیشکۆ دەخەینە سەر (زمان) وەک گرنگترین ڕەگەزەکانی بوونی نەتەوە.

**زمان**

زمان، یەکێکە لە ئامرازەکانی کە مرۆڤ بۆ پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی بیر و ڕۆشنبیری بەکاریدەهێنێت، بەڵام بێگومان ڕۆڵی زمان لەوە زیاترە کە تەنیا بۆ پەیوەندیکردنبێت، بەشێکی سەرەکییە لە شوناسی تاک و کۆمەڵ. زمان، شارستانییەت و کلتووری ئەو کۆمەڵگەیە نیشان دەدات کە قسەی پێ دەکات و ڕۆڵی هەیە لە پێکەوەنانی شوناسی تاک و بەکۆمەڵیاندا.

زمان تەنیا دەنگ و وشە نییە، بەڵکو هەڵگری ڕۆشنبیری و نەریت و بەهایە، وەک وتمان ڕەنگدانەوەی ئەزموونی کۆمەڵ و مێژووەکەیەتی، لەهەمانکاتدا گوزارشت لە چەشن و جۆرێک لە دید و جیهانبینی دەکات. هەر لە ڕێی زمانەوە ئەدەب و هونەری فۆلکلۆر کە بەشێکی بنەڕەتی کلتووری نەتەوەکانە، دەگوازرێتەوە و دەمێنێتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی لە هەر زمانێکدا چەمک و ئایدیاگەلێک هەن تایبەتن بەوان و لە زمانەکانی دیکەدانیین، ئەمەش وا دەکات ئامرازێکی بێ هاوتابێت بۆ گوزارشتکردن لە شوناسی بە کۆمەڵ.

زمان، پشکی بنەڕەتی و سەرەکی هەیە لە پشتیوانی و بەهێزکردنی شوناسی تاکدا لە ڕێی دروستکردنی هەستی نەتەوەیی و پەیوەستکردنەوەی بە ڕۆشنبیری ڕەسەنییەوە. قسەکردن و خوێندن بە زمانی دایک، متمانەبەخۆبوون و شانازی بە کەلەپوور و کلتوورەوە بەهێز و زیاتر دەکات، لەلایەکی ترەوە بەهۆی کۆکردنەوەی تاکەکان لەژێر سێبەری یەک زمان و یەک ڕۆشنبیری هاوبەشدا، شوناسی نەتەوەییش بەهێزتردەبێت.

گەر مەجاز-درکەیی یا شاعیرانە، بەڵام گوزارشت لە هەقیقەتێکی ناو مێژووی درێژی مرۆڤایەتی بکەین، ئەوا دەڵێین : ""تایفەگەری، وەک خوێن لە ناوەوەی دەمارەکانی مرۆڤدا دەبزوێ". هەموو فۆرمەکانی فیکر و دەسەڵات و سەرجەم کایە و ڕەهەندەکان بەگشتی، چەشنێک ئامادەیی ئەو هەقیقەتەی تێدایە و لە سەدەکانی کۆتایشدا، وەک پێشتر باسمانکردووە، بووەتە فۆرم و مۆدێلی ڕێکخستنی دەوڵەت کە بە "دەوڵەت نەتەوە" ناسراوە. نەتەوەی کوردیش درک و هۆشیاری بووە بۆ گرنگی زمان وەک پێویستییەکی حەیاتی بۆ مانەوەی، بۆیە دەبینیین وێڕای سەپاندن و بەمۆدێلکردنی خوێندن-ئایینی بە زمانی نەتەوەکانی(جگە لە کورد) ناوچەکە، بەگشتی لە هەموو بزاف و بزووتنەوە کوردییەکاندا چەشنێک لە گرنگی دان بە زمانی کوردی هەبووە، بەڵکو هەوڵی بە کوردیکردنی خوێندن دراوە و کاری بۆ کراوە، بۆ نموونە لەساڵی ١٩١٣ز لەشاری (خۆی)، سمکۆی شکاک بە هاوکاری عەبدولڕەزاق بەدرخان کە (کۆمەڵەی جیهاندانی)یان هەبوو، قوتابخانەی کوردییان دامەزراند. لەشوێنەکانی دیکەش هەوڵی کەمتر نەبووە و دەتوانیین بڵێین یەکێ لە خاڵە سەرەکییەکانی داواکاری بزووتنەوە جیاجیاکانی کورد، وێڕای پاراستنی شوناس و مافی چارەی خۆنووسین، بابەتی "زمانی کوردی و خوێندن بە زمانی دایک" پرنسیپێک بووە کە شێلگیرانە جەختی لێ کراوەتەوە، ئەوە خۆ خەباتی نووسین و دەرکردنی ڕۆژنامە بە زمانی کوردی دێرینتر و بەرچاوە. هەر پەیبردنە بەم ڕاستییە کە نەتەوە دەسەڵاتدارەکانی ئەم ناوچەیە کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، ئێستەش مل نادەن بۆ ئەوەی ئەم زمانە بە فەرمی ببێتە زمانی خوێندنی ئاخێوەرانی، بە داخەوە تا ئەوەش ڕۆشتوون کە هەر خودی زمانەکە و زارەکانی(کە فرەییەکەی وەک زمانەکانی هەموو دنیا، بەڵگەی دەوڵەمەندییەتی) بکەنە فاکتەری گومان و پەرتکردنی شوناسی نەتەوەیی.

ئێمە لەم ئاستەدا باس لەزمان ناکەین و زانراوە و ڕۆژانە تاڵاوی دەچێژین و هەر گەشەیەکیشی شکۆی شوناسمان دەگەشێنێتەوە، ئەوەی پێویست بێت، وەک زانست و ئەرک پەیوەست بە توێژینەوەکەمان باسی دەکەین، بەڵام ئەسڵی بابەتەکەی ئێمە باسکردنی ئەنتۆلۆژیای زمانە و دواتر پەیوەست بەشوناسەوە.

پێناسەیەکی هاوبەش هەیە لەنێو زانایانی پێشین و هاوچەرخدا بۆ زمان: (( چەند دەنگێکە، هەر نەتەوەیەک لە ڕێیەوە گوزارشت لە مەبەستەکانی خۆیی پێ دەکات)). (زیادة+صالح، ٢٠١٩:١٣).

ئەم پێناسەیە وێڕای ئەوەی ئاماژەیە بەوەی کە زمان، سروشتی دەنگییە، دیاردەیەکی بە کۆمەڵە، ئەرکی گوزارشتکردنە لە مەبەستەکان، تاکەکانی کۆمەڵگە بەکاری دەبەن بۆ گوزارشتکردن لە فیکر و مەبەستە مرۆییە جیاوازەکان و گشت کۆمەڵگەیەک زمانێکی هەیە کە جیای دەکاتەوە و شوناسی زمانی پێک دێنێ و ...زۆر تایبەتمەندی دیکەش. ئەوەی ئێمە لێرەدا تیشکۆی دەخەینە سەر، زمان تەنیا ئامرازێک نییە بۆ گەیاندنی مەبەست و هەقیقەتەکان، بەڵکو زەمینەی کەشفکردنی هەقیقەتە نەزانراوەکانە، تەنیا فرەیی و جیاوازی نییە لە دەنگ و نیشانە دەنگییەکاندا، بەڵکو فرەیی و جیاوازییە لە دید و جیهانبینیدا و گێڕانەوەی چۆنییەتی درککردن و پەیبردنمانە بە بوونی خۆمان و دەوروبەرمان، زمان مەرجی بوونی مەعریفەیە، لەڕاستیدا زمان پێوەرە، چونکە وەک وتمان چلۆنایەتی دیدمان و بونیادی بیرکردنەوەمان دەخاتەڕوو.

لەڕووی ئەنتۆلۆژییەوە، زمان پەیوەندییەکی تەنگاوتەنگی بە شوناسی نەتەوەییەوە هەیە، چونکە هەردووکیان پرسیارگەلێکی فەلسەفی لەبارەی سروشتی-بوون و ماناوە لە بەستێنی زمان و شوناسدا لەخۆدەگرن، وەک پێشتریش ئاماژەیەکمان پێ دا، زمان بنەڕەتی پێکەوەنانی نەتەوەیە، چونکە ئامرازێکە لە ڕێیەوە گوزارشت لە کلتوور و بەها و مێژووی خۆیانی پێ دەکەن.

لەو ناساندن و هەقیقەتانەی باسکران، پەیوەست بە شوناسی نەتەوە لە بەستێنی زماندا، دوو بابەت و خاڵی سەرەکی و جەوهەری خۆیان فەرز دەکەن،ئەوانیش : (یادگە-memory) و (گوزارشتکردنی ئازادانە).

ئێمە پێشتر لە پێناسەیەکی بینیدیکت ئەندرسۆن(Benedict Anderson)دا ئاماژەمان بە کۆمەڵگە خەیاڵ-وێناکراوەکان دا کە هەر بەشێکە لە ناونیشانی کتێبەکەی ( Imagined Communities:Reflections on the Origin and Spread of Nationalism)، لەوێدا ئەندرسۆن باس لە ئایدیای"نەتەوە" وەک کۆمەڵێکی خەیاڵکراو دەکات، کە دەستپێکی مەبینی شوناسی نەتەوەیە لەسەر بنەمای وێنای هاوبەشی تاکەکان؛ بە واتایەکی دی زمان لەبەر ئەوەی ئامرازی وێناکردن و گواستنەوەی خەیاڵکردنی کۆیەکە بەناوی شوناسی نەتەوەییەوە، دەرئەنجام نەتەوەیەک لە خەیاڵداندا وەک دەستپێک لە نێو وشە و نووسینەکاندا پێکدێ، ئەم ئەرکەش، زمان وەک یادگە-میمۆرییەک ئەو کارە دەکات، ئەوە بێ لەوەی یادگە(کە لەزماندا بوونی دەبێ و دەپارێزرێ)ی هاوبەش کە فۆکەسی لەسەر نەتەوەیە وەک کۆیەکی تاکەکان، ڕەگەزێکی بنەڕەتی پێکهێنانی شوناسی نەتەوەیە. لێرەوەیە کە جێی خۆیەتی، بەڵکو پێویستە بپرسین، ئایا ئێمەی نەتەوەی کورد، وردتر ڕۆشنبیر و ئەکادیمیمان، چەندە کارمان لەسەر یادگە کردووە، نەک وەک گێڕانەوەیەکی درامییانەی ڕابردوو، بەڵکو ئامادەکردنەوەی لە ئێستادا و ڕوونتر، ڕۆڵی لە پێکەوەنانی شوناس و جوڵەی خۆمان و ئەوی دیدا، گەر بە سەرپێیانەش لە هەڵوێست و ئاکتی سیاسی و ڕۆشنبیر و ئەکادیمی و بەگشتی پێشەنگە جیاوازمەشرەبەکانی نەتەوەکانی دەوروبەرمان، تایبەتتر هەڵوێست نەتەوە سەردەستەکانمان، بڕوانیین، دەبینیین هەنگاوێکی ئەمرۆیان پێیەکی لە ڕابردوو یاخود لە یادگەیاندایە.

sjh@univsul.edu.iq

هەر لە بابەتی یادگەی دەستەجەمعی و پەیوەستبوونەوەی بە شوناسی نەتەوەوە، فەیلەسوفی کەنەدی (چارلز تایلۆر- Charles Margrave Taylor) جەخت لەسەر ڕۆڵی زمان لە پێکەوەنانی شوناسی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگە دەکاتەوە و ئاماژە بەوە دەکات کە چۆن زمان کۆمەک دەکات لە پێکەوەنانی شوناسی تاک و کۆمەڵ بەهۆی گێرانەوە هاوبەش و بەها هاوبەشەکانەوە. وردتر بڵێین: زمان وەک ئامرازێکی پاراستن و گواستنەوەی یادگەی دەستەجەمی و مێژووی هاوبەش کار دەکات، لە ڕێی زمانەوە چیرۆک و ئەفسانە و ڕووداوە مێژووییەکان دەگوازێتەوە، کە شوناسی نەتەوە پێکدەهێنن.

سەبارەت بە بابەتی دووەم وەک خاڵێکی جەوهەری پەیوەست بە شوناسی نەتەوە لە بەستێنی زماندا، زۆر ڕەهەند لەخۆدەگرێ، لە ئاستێکی ڕاستەوخۆدا بە نموونە: هەوڵەکان بۆ پاراستنی زمانی دایک و فێرکردنی نەوەکان، ڕەنگدانەوەی ئیرادەی ئازادانەی کۆمەڵە بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەیی، ئەوە بێ لەوەی خودبڕیاردان لەسەر بەشوناسکردنی زمانەکەت، بەرجەستەکردنی ئیرادە و خواستی ئازادی خودە، بەڵام ئێمە لەو خاڵەدا دەمانەوێت هەنگاوێک زیاتر بڕۆین و باس لەوە بکەین کە لەخودی زماندا قەوارەی شوناسی نەتەوەیی دەخرێتە سەرپێ و زمان بووە و دەشتوانێ پتر لە ڕەگەزەکانی دیکەی نەتەوە،ببێتە پارێزەری شوناس و شوناسی نەتەوەیی.

دەتوانیین بڵێین پەیوەست بەوە، مارتن هایدگەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە زمان ماڵی-بوونە، لە ڕێگەی زمانەوە مرۆڤ دەتوانێت لە جیهان تێ بگات و کارلێکی هەبێت لەگەڵیدا، زمان دەرفەت دەداتە مرۆڤ تا هەست بە بوون بکات و گوزارشت لە خۆی بکات.

هایدگەر پێی وایە ((زمان، بوون دەردەخات و ئاشکرای دەکات، پتر لەوەی دەبێتە مایەی شاردنەوەی، بە واتایەکی دی؛ وشەکانی کە بەکاریان دەبەین، گوزارشتکردنن لە تێگەیشتنمان بۆ شتەکان، بەڵام لە هەمان کاتدا مایەی سنووردارکردنی تێگەیشتنمانن بۆ بابەتێکی دیاریکراو)). (هیدغر:٢٠١٥، ٨٧)، ئەم ئاشکراکردن و شاردنەوەیە، دەرخستنی پەیوەندی ئاڵۆزی جەدەلی نێوان زمان و بوونە.

هەر لە تێڕوانینیدا بۆ زمان، لەبارەی شیعرەوە دەدەوێ و جیاوازی دەکات لە نێوان زمانی نۆرماڵ و زمانی شیعردا و پێی وایە شیعر قوڵاییەکانی بوون دەردەخات. تێڕاونینی وایە کە فەیلەسوف و شاعیرەکان توانایەکی تایبەتیان هەیە لە بەکارهێنانی زماندا بۆ ئاشکراکردنی نهێنییەکانی- بوون، کە لە بەکارهێنانی زمانی ڕۆژانەدا دەرناکەوێت.

دەرئەنجام تێئەگەین، هەموو تێگەیشتنێکی ئێمە بۆ دەورووبەرمان، کە بەڵگە و چییەتی بوونمانە، لە ڕێی زمانەوە گوزارشتی لێ دەکرێ، بەڵکو زمان ماناکەی و سنووری چۆنییەتی ئەزموونکردنمان لەگەڵیدا دیاریدەکات، بە کورتی مرۆڤ بوونەوەرێکی مێژووییە و زمانیش هەموو جوڵەیەکی مێژووی ئەم بوونەوەرەی لە خۆیدا هەڵگرتووە.

بێگومان لەم بابەتەدا، ئەگەر زۆر بەخێراییش بێت، ناتوانیین باس لە (ویتگنشتاین-Wittgenstein)، نەکەین، چ ویتگنشتاینی یەکەم و چ دووەم. ئەم فەیلەسوفە کە زۆرترین فۆکەسی لەسەر چییەتی زمانە، لە قۆناغی یەکەمیدا و لە کتێبی (نامەیەکی لۆژیکی فەلسەفی-The Tractatus Logico-Philosophicus) دا جەختی لەسەر شیکاریی زمان و لۆژیکە. پێی وایە، جیهان بریتییە

sjh@univsul.edu.iq

لە (fact) ڕاستی، زمانیش وێنای ئەو ڕاستییانە دەکات لە ڕێی وێنەی لۆژیکییەوە. شوناس لەم قۆناغەدا پەیوەستە بە تێگەیشتنی بونیادی لۆژیکییانەی جیهانەوە.

ئایدیا ئەنتۆلۆژییەکانی لە کتێبی یەکەمیدا لە دەوری دەربڕینی زمانیی و بونیادی جیهانی دەرەکی دەسوڕێتەوە کە چ پەیوەندییەک هەیە لە نێوانیان، چونکە پێی وایە ناکرێ گفتوگۆ بکەین بێ چارەسەرکردنی کێشەی مانا و چۆن کۆمەڵێ دەنگ گوزارشت لە مەبەستەکانمان دەکەن و دەبنە نوێنەری ئەوەی لە واقیعدا هەیە، ئەم دەنگانە چ پەیوەندییەکیان بەوە هەیە کە لە زەینماندا دەگوزەرێ؟؟.

ویتگنشتاین، سێ جۆر بوون پۆلێن دەکات: ١-بوونی زمانیی ٢-بوونی زەینیی٣-بوونی دەرەکی-واتە دەرەوەی زەین.

دواتر هەر لای ئەم فەیلەسوفە سێ چەمک دەبنە میحوەری ئایدیاکانی: (ئەحواڵ-Status Affars)، (ڕاستییەکان-The facts) ، (کێشەکان-Issues)، پێی وایە جیهان لە ئەحواڵ و ڕاستییەکان پێکدێ. ئەحواڵ، هەلومەرجێکی "ممکن"ە کە پەیوەندی خود یان شت و سیفەتەکەی لەسەرە؛ بە واتایەکی دی هەموو ئەوەی لە دەرەوەیە، لێکدراوە نەک تاک تاک، لێرەوەیە دەچێتە نێو تیۆری بەستێنەوە، لەسەر ئەو بنەمایە ئەوەی لە واقیعدا هەیە بە هەمان شێوە لە زمانیشدا هەیە، چونکە پێی وایە لە بونیادی زماندا، بونیادی واقیع ڕەنگ دەداتەوە، هەر بۆیە ئەگەر واقیع پێک بێ لە لێکدراو ئەوا زمانیش لە لێکدراو پێک دێ، بۆ نموونە (بەفر) شتێکی تەنیا نییە لە دەرەوە، بەڵکو (سپی) ییە و لەگەڵ گریمانەی تردا. ئەم ئەحواڵانەش یا هەن یاخود نیین، بەڵام بە گشتی هەموو بابەت یان شتێک چند ئەحواڵێکی هەیە و ناکرێ وێنای هیچ شتێک بکەین لە جیهان لە دەرەوەی ئەو حاڵانە، هەندێ ئەحواڵ هەیە "ممکن"ە و هەیشە ناموکینە. بۆ نموونە (دەرگایەک)، چەند حاڵەتێکی هەیە و هەندێکی مومکینە و هەندێکی نا، لە نموونەی (داخراویی، کراوەیی، کەمێک داخراوی یان کەمێ کراوەیی)، ئەمانە هەموو مومکینن و هەندێ لەم مومکینانە لە حاڵەتی ڕاستییدان، وەک ئەوەی ئێستە دەرگاکە کرابێتەوە، هەروەها پۆلێن دەکرێ بۆ هەیە و نییە، واتە جیهانی مومکین و مەحاڵ... هەموو ئەمانە دەتوانێ ڕاستی بێت، لەسەر بنەمای ئەوەی لە جیهانی دەرەوە هەیە.

سەبارەت بە (کێشەکان-Issues)، گوتەیەکە ئەگەری هەیە ڕاستبێ و ئەگەریشی هەیە درۆبێ. کێشەکان زۆر مانا لەخۆ دەگرێ، هەندێ جار تەنیا بە ناوەڕۆک دەوترێ(ناوەڕۆکی ئاماژەیی و لۆژیکی ڕستە)، هەندێ جاریش بە خودی گوتەکە دەوترێ(گوتەیەک ئەگەری ڕاست و درۆبوونیشی هەیە). کێشەکان، گوزارشتکردنە لەوەی لە جیهانی دەرەکی یان زەینییەوە دێ، هەروەها دەگونجێ سانا و سادەبێت، وەک"ئەفلاتوون فەیلەسوفە"، دەشگونجێ لێکدراو بێت، وەک "ئازاد هەژارە، بەڵام دەستپاکە"

بە کورتی، ویتگنشتاین، پێی وایە : جیهان ئەوەیە کە حاڵ و دۆخەکانی لەسەریەتی، جیهان کۆمەڵێ ڕاستی و فاکتی هەبووە لە دەرەوە، کۆمەڵێ فاکتە نەک شت و دابەش دەبێت بۆ ڕاستییەکان. جیهان لە کرۆکی شتەکان دانەڕێژراوە، بەڵکو ئەحواڵە هەبووەکانە، ئەو ئاکتەیە شتەکان دەگرێتەوە و بە سیفاتەکانی دەبینرێ و پەیوەستە بە پەیوەندییەکانی بە غەیری خۆیەوە.

وەک پێشتریش وتمان، بونیادی واقیع حوکم دەکات بەسەر بونیادی زماندا و زمان ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە لە واقیع دەگوزەرێ و ئەگەر گوتە بە بەراورد بە هەقیقەتی دەرەوە ڕاست هاتەوە، ئەوە ڕاستە، ئەگەر نا درۆیە و ئەگەر قسەکە ممکن نەبوو، لەبەر

sjh@univsul.edu.iq

نەبوونی لە واقیعی دەرەوە، ئەوە هیچ مانایەکی نییە، وەک "ڕاستگۆیی فەزیلەتە"، ئەمە ناتوانرێ لە واقیعی دەرەوە ببینرێ، بەڵام بڵێین: "ڕاستگۆیی بەسوودە:، ئەمەیان ئەگەری هەیە دەرهاویشتەکانی ببینیین. (بروانە، علی: محاضرة فلسفة اللغة عند فتغنشتاين).

لێرەوە بە ڕاستی ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە گوزارەکانی نێو نووسین و کەلەپوری دەماودەم گێردراوەی کورد( بە تایبەتی ئەوانەی کە دەبنە کەرەسە و بەڵگەی شیکاریی چۆنییەتی بیرکردنەوەمان لە شوناسی نەتەوەیی و دەربڕی کەسایەتی تاکی کورد ) بهێنیین و توێژینەوەیەکی سەربەخۆی لەسەر بکەین، تا بزانیین چەندی بەپێی ئەم لۆژیک و هاوکێشە فەلسەفییەی ویتگنشتاین دەچێتە ناو دەربڕینی مانادارەوە، بە تایبەت پەیوەست بە جێکردنەوە و پێکهێنان و مەیینی شوناس لە زماندا.

قۆناغی دووەمی ویتگنشتاین(لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان)، هەر لە بابەتی جەدەلی نێوان واقیعی دەرەکی و زمانە، بەڵام ئەمجارە بابەتەکە بە پێچەوانەوە سەیردەکرێ، بونیادی دەرەکی چیتر هەژموونی نییە بەسەر زمانەوە، بەڵکو زمان سنووداره بە ڕێ و شوێنەکانی بەستێن، هەروەک یاری شەترەنج مەحکومە بە لۆژیکی ناوخۆیی خۆیەوە، نەک ئەوەی زەیین لە دەرەوە وەریدەگرێت، لەم قۆناغەدا زمان کردارێکی کۆمەڵایەتییە و زەین ڕۆڵێکی بنەڕەتیی هەیە لە زماندا. گرنگترین ئایدیا لەم قۆناغەی ویتگنشتایندا "سنووری زمانەکەم، سنووری جیهانمە"، کە پەیوەست دەبێتەوە بە شوناس و پەیوەندی نێوان زمان و شوناس و ڕستەکەش شیکاری ناوێ.

**ئەنجام**

لەم توێژینەوەیەدا، شوناس و زمان وەک ڕەنگرێژی سەرەکی شوناس لەڕووی ئەنتۆلۆژییەوە گەنگەشەکراوە. توێژینەوە لە بوونی شتێک- قەوارەیەک، سەرەتای خستنەڕووی حیکمەتە لەو بارەوە، بۆیە وەک یەکێک لە وشە کلیلییەکان، وشە و چەمکی "بوون"مان وەک ناو و هاوەڵناو، دواتر پەیوەست بە چەمکی "هەبوون" لە ڕووی ئەنتۆلۆژی-فەلسەفییەوە باسکردووە و ئەوەمان سەلماندووە کە "بوون" سیفاتی جەوهەری و چەسپاوە، بەڵام "هەبوون" لە حاڵەتێکدا هەیە و وێنادەکرێ کە کە بدرێتە پاڵ شتێکی دیکە؛ بە واتایەکی تر بوون پێش مەرجی هەبوونە.

هەموو ئەمانە بنکۆڵی بوونە لە ڕووی ئەنتۆلۆژییەوە کە بە خێرایی باسمان لە بوونی شوناسیی نەتەوەیی کردووە، وەک بوونێکی داماڵراو و (کینونە)، لەو پێناوەشدا سەربوردێکی ڕای چەند فەیلەسوفێکمان کردووە لە کلاسیک و مۆدێرندا.

پەیوەست بە شوناس، جەختمان لە ڕەگەزی زمان کردووەتەوە، کە بوونی ئەوی دی- زمانی دی و شوناسی تر، زەمینەی بزواندنی جەوهەری شوناس و بوونی منە؛ بە واتایەکی دیکە بوونی من تەنگاوتەنگە بە ناسینی ئەوی دی یا غەیری من یاخود ئەگەر زۆرتر بڕۆیین دەڵێین نەیاری من.

بە کورتی ئاماژەمان بە ئەنتۆلۆژیبوون و مێژوویبوون و هەروەها سایکۆلۆژیبوون و سیاسی بوونی شوناس کردووە.

لە دوا سەرباسدا بابەتی نەتەوە و زمان وەک شوناسی یەکەمی نەتەوە، دواتر ئەو ڕاستییەمان خستووەتەڕوو کە زمان تەنیا ئامرازی گوزارشتکردنی نەتەوە نییە، بەڵکو زمان پارێزەری یادگەی دەستەجەمی نەتەوەیە ماڵی بوون-یەتی.

**سەرچاوەکان**

١-افلاطون،(١٩٩٤)، محاورات افلاطون-المحورات الكاملة، المجلد السادس، ترجمة:شوقي داود تمراز، بيروت،الأهلية للنشر و التوزيع.

٢-جوزيف، جون(٢٠٠٧). اللغة و الهوية، الطبعة الاولى،ترجمة: د. عبدالنور خراقي، كويت، عالم المعرفة.

٣-ودونال كربو، جينز بروكمبير(٢٠٢٤). السرد و الهوية، الطبعة الاولى، ترجمة: عبدالمقصود عبدالكريم، مصر، موسسة الهنداوي.

٤-هيدغر، مارتن (٢٠١٥). الانطولوجيا هرمينوطيقا الواقعانية،الطبعة الاولى، ترجمة: د.عمارة الناصر، بيروت، منشورات الجمل.

٥-تيبس، يوسف (٢٠١٤). التصورات العلمية للعالم. الطبعة الاولى،الجزائر ، ابن النديم للنشر و التوزيع.

٦-حرب، على (١٩٩٨). الماهية ا العلاقة نحو منطق تحويلي، الطبعة الاولى، بيروت، المركز الثقافي العربي.

٧- زيادة+ صالح، وفاء + صفوت علي (٢٠١٩) محاضرات في علم اللغة، الطبعة الاولى، القاهرة، كلية دارالعلوم.

٨-ژيلسون، اتين (١٣٨٩ش) هستی در انديشه فيلسوفان، ترجمه: دكتر سيد حميد طالب زاده، چاپ سوم، تهران، انتشارات حكمت.

٩-نوذری، حسينعلى (١٣٨٨ش) صورتبندی مدرنيته و پست مدرنيته، چاپ سوم، تهران، انتشارات نقش جهان.

١٠-پين، مايكل (١٣٨٩ش) فرهنگ انديشه انتقادی از روشنگری تا پسامدرنيته،ترجمه: پيام يزدانجو، چاپ سوم، تهران، نشر مركز.

١١-ا،ک گراهام (١٣٨٢ش) هستی در زبان شناسی و فلسفه، ترجمه: محمد سعيد حنايی كاشانی، The Journals of M.S. Hanaee Kashani.

١٢-سامع+ صافيان، سيدجمال+محمد جواد(١٣٩٥ش) واكاوی جايگاه زبان در افق هستی شناسی تودستی هايدگر، مجله پژوهش های فلسفی سال ١٠، شماره ١٩، پاييز و زمستان ١٣٩٥.

١٣-محاضرة د، فتحي التريكي، الهوية و علاقتها بالدمقراطية و التعددية ، موسسة جومان، يوتيوب.

١٤-محاضرة د. محمد يونس علي، فلسفة اللغة عند فتغنشتاين، يوتيوب.

١٥-حسين، د.ضحى محمود، مقالة (الانطولوجيا)، uomustansiriyah.edu.iq

١٦-بيات، محمد بيات(هستی و هستنده) لە ماڵپەڕی OkBayat ، ياخود OkBayat.github.io

## الخلاصة

في هذا البحث، نحاول تقديم العلاقة المعقدة بين الهوية و اللغة من منظور أنطولوجي- وجودي، حتى نتمكن من فهم طبيعة هذه المفاهيم و كيفية تفاعلها و تأثيرها على بعضها البعض.

يندرج منهجنا البحثي في إطار وصفي تحليلي وجودي، بما في ذالک وصف نظري للمفاهيم، ثم تحليل النصوص و المفاهيم، والبحث في كيفية و طبيعة وجودها و وقعها في الواقع.

يحاول هذا البحث، تقديم رؤية وجودية للعلاقة بين اللغة و الهوية و شرح كيف تلعب اللغة دورا في تشكيل الهوية و بنية الواقع الإجتماعي.

## Abstract

In this study, we aim to examine the complex relationship between identity and language from an ontological perspective, highlighting their impact on each other as fundamental components of human existence. Our research method is based on the framework of ontological investigation, encompassing the exploration of concepts and the study of texts and phenomena to understand their nature and existence within reality.

This study attempts to present a deep (ontological) vision of the relationship between language and identity, clarifying how language plays a role in shaping identity and forming the social reality’s foundation.


sjh@univsul.edu.iq